# پێشبینی هەڵبژاردنی دەستوریش دیارە!!! ... هێمن عمر



هەڵبژاردن وەك و نەریتێکی دیموکراتی دەورێکی ئەکتیڤ و پۆزەتیڤی هەیە یەکەمجار بۆ گۆڕینی دەسەڵات دووەم جار بۆ گوورو توانا بەکار هێنانی دەسەڵات بۆ خزمەتی خەڵکی، ئەوەی وترا بۆ کۆمەڵگایەکە کە تیدا کولتورێکی دیموکراتی و ئەخلاقیەتێکی نەریتی دیموکراتی بوونی هەبێت. بەڵام بۆ کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و نادیموکراتی کە دەیەوێت دیموکراتی سەقەت کات ئەوا هەڵبژاردن سەدوو هەشتا پلە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی وترا چونکە لەو وڵاتانەدا هەڵبژاردن هیچ مانایەکی نیەو بەڵکو هەر هەڵخەڵەتاندنی خەڵکیەو هیچی دیکە کە ئەم کڵاو لەسەر نانە خزمەت بە مانەوەی دەسەڵات و دزیوو گەندەڵی زیاتر دەکات.

ئەو هەرێمە ئازادەی خۆشمان کە ئێستا لەگەڵ عێراقی تیرۆرو تۆقاندندا یەکی گرتوە لە کوردستاندا ئەوە دوو هەڵبژاردن بکرێت و لە عێراقیشدا ئەوە یەك هەڵبژاردن لەدوای ڕوخانی سەدامەوە.

کە هێندەی ئەو هەڵبژاردنانە خزمەتیان بەمانەوەی دەسەڵات و ساختەو دەنگدانی تەزووير کردوە نیو هێندە خەڵکیان ڕانەهێناوە لەسەر کولتوری هەڵبژاردن و فێربوونی کۆمەڵگا بەوەی کە نوێنەرەکانیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە هەڵبژێرن، بەڵ گەشم بۆ ئەوە ئەوەیە کە یەکەم هەڵبژاردن کە لە کوردستاندا کرا خەڵکی تەمەنای ئەوەی دەکرد کە تەمەنی قبوڵی هەڵبژاردن بکات و بچێتە هەڵبژاردن، تەنانەت چاوت بە کۆمەڵێك بەتەمەن و پەکەوتە دەکەوت کە ئەگەر لەبەر هەڵبژاردن نەبوایە هەرگیز پێشبینی ئەوەت نەدەکرد لە ڕۆژێکی ئاساییدا ئەوانە لە دەرەوەی جێگا کانیان ببینیت کەچی بۆ بەژداری کردن ئامادەبوون ئەو ماندوو بونە بچێژن.

بەڵام دوای ئەوەی هەڵبژاردن قودسیەتی خۆی لە دەست دا کاتێك هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار خەڵکانی خۆیان دەنارد بۆ دەنگدانی زیاتروو ساختەکاری و بەدوای ئەوەشەوە یەکتری قبوڵ نەکردن و دابەش کردنی پەنجا بە پەنجا ئەوا هێندەی تر هەڵبژاردن ناشرینتر بوو هەر بۆیەش ئەمجارەیان بە کروزانەوەی زۆرو بەڕێگای هەستی نەتەوەیی و لە قەڵەم دانی ئەوانەی بەژداری ناکەن خائینن، هەر چۆنێك بێت توانیان ڕێژەکە بە کۆمەڵێك ساختەکاری زۆرەوە کە لە هەردوو ئیدارەکە منافەسەی ئەو پێشبرکێیەیان بوو توانیان لە سەدا پەنجای تێپەڕێنن و ئەمجارەش ببیەنەوە، کە بەڕاستی بوونی ئەو ڕەوشتە نادیموکراتیە هەر جارەو کۆمەڵێك کەس یاخی دەکات تا وای لێدەکات باوەڕ بە هیچ هەڵبژاردنێك نەکەیت و بەر لە هەڵبژاردن بزانیت کەچی ڕودەدات لێرەشدا پێشبینی ئەم جارەش بۆ هەڵبژاردنی دەستور دیارە دیارە کە بەڵیی دەستور لە ڕێژەی دەنگدەران

زیاترەو بزوتنەوەی ڕیفراندۆمیش با بۆ خۆی هەر بڵێت دوو ملیۆن کەس لەگەڵ سەر بەخۆیی کوردستاندایە.